# بزووتنەوەی چەپ لەکوێ وە...بۆکوێ؟

چەپ بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتی خاوەن مێژوویەکی درێژە لە عیراق وکوردستاندا،ئەم مێژووەچەندین هەڵچوون وداچوونی بەخۆیەوە بینیوە کە پەیوەند دار بوون بەگۆڕانکاریەکانی ئە م بزووتنەوەیەلەسەدەی بیست بەتایبەتی سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ی رووسیە وبەدەسەڵات گەیشتنی بە لشەفیەکان(حیزبی کۆمۆنیستی ڕوسیە)و دامەزراندنی یەکێتی سۆڤیەت وپاشان بلۆکی سۆسیالستی ڕۆژهەڵات کە بووە هۆی سەرهە ڵدانی بزووتنەوەیەکی چەپی کۆمۆنیستی لەعێراق دا کە ئیلهامی لەسیاسەتەکانی سۆڤیەت وەردەگرت بەناوی پارتی کۆمۆنیستی عێراق( حیزبی شیوعی عێراق )لەسەرەتای دە یەی سیەکانی سە دەی ڕابردوودا وگەشەکردنی وبوونی بەهێزێکی سەرەکی لەعێراق دا لەدەیەی پە نجاکان وشەستەکان،پاشان دابەزینی هێزوتوانای سیاسی وکۆمەڵایەتی ئەم ڕەوتە لەسەرەتای حەفتاکان وبەردەوام بوونی ئەودابەزینە هەتائە مرۆ کە ئەوڕەوتەی کردوەبەیەکێک لەحیزب وسیاسەتە هەرەلاوازەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی وکۆمەڵایەتی عێراق وکوردستان، داکشانی ئەو ڕەوتە بەرەو لاوازی وکەم بوونەوەی هێزو توانا سیاسی وکۆمەڵایەتیەکانی لەدەیەی حەفتاکانی سەدەی ڕابروودا هاوکات بوو لەگەل شکڵ گرتن ودەرکەوتنی ڕەوتێکی چەپی ڕادیکاڵ کەجەختی لەسەر مارکسیزم وکۆمۆنیزم دەکردەوە،ئەم ڕەوتە خۆی لەچەندرێکخراو و گرووپێکی سیاسیدا نیشان داوەک (کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان) کەپاشان ناوەکەی گۆڕرا بۆ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لەکۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا وەپاشان پوکانەوەی لەناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان وزاڵبوونی بەرەی ڕاستی ناو ئەوحیزبە،هەروەها دروست بوون ودەرکەوتنی یەکێتی تێکۆشانی کارگەران کەزۆربەی کادر و ئەندامانی ناوەندی لە ئەندامانی کۆمەڵەبوون کەوازیان لەو ڕێکخراوە هێنابوو وەبڕوایان بە بە رنامەو سیاسەتەکانی کۆمەڵە و یەکێتی نەمابوو وەکەوتبوونە ژێرکاریگەری چەپی ئێران وجەختێکی زیاتریان لەکۆمۆنیزم دەکردەوە،ئەم گرووپەش لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیست داکێشەی فکری وسیاسی زۆریان تێدادرووست بوو بەشێکیان وازیان هێنا و لەسیاسەت دوورکە وتنەوە،بەشێکی تریان ڕەوتی کۆمۆنیستیان پێک هێنا،پاشان درووست بوونی چەندرێکخراوێکی تری سیاسی هاوچەشنی ڕەوت لەڕووی فکری وسیاسیەوەلە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووداوەک یەکێتی خەباتی کۆمۆنیزمی کرێکاری وسەرنجی کرێکارکەپشتیوانی تەواویان لە سیاسە ت وفکری فراکسیۆنی (کک) ناو حیزبی کۆمۆنیسی ئێرانی ئەو کاتەدەکردکەپاشان بەدوای جیابوونەوە ی ئە وفراکسیۆنە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ودامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران وەلەسەرداوای ڕابەری ئەوحیزبە(مەنسوری حیکمەت) حیزبی کۆمۆنیستی عێراقیان درووست کردکە هەتائێستا درێژەبە هەڵسوڕانی سیاسی خۆی ئەدات،ئەم ڕەوتە هەتا ئێستا چەندین جارڕوبەڕووی کێشەسیاسی و بەرنامە ییەکانی ناوخۆی بۆتەوەو سەرئەنجام بەلێک ترازان وجیابوونەوە لەیەکترتەواو بووە ، لەئەنجام دا لەبەرانبەر شکستێک داڕووبەڕووە.

چەپی ڕادیکاڵ بە ڕەخنە لە حیزبی شیوعی وسیاسەت و بەرنامەکەی وپشتیوانەکەی (یەکێتی سۆڤیەت) هاتەمەیدانی سیاسی وخوێندنەوەیەکی جیاوازی بۆ بیروباوەڕی سۆسیالیستی ویەکێتی سۆڤیەت وبلۆکی ڕۆژهەڵات هەبوو لەناوخۆشدا کێشمەکێشی فکری وسیاسی قوڵیان هەبوو کە زۆر جاردەگەیشتە دژایەتی دوژمنانە(تناحری) ئەم ڕەوتەهەرچەندەمەیلی بەلای سۆڤیەت وسیاسەتەکانی دانەبوو وەڕەخنەی لێ دەگرت تەنانەت بە شێکی بەتەواوی ڕەتی دەکردەوەو بەبەشێک لەدنیای سەرمایەداری دەزانی ولەقەڵەم دەدا وسۆسیالیزم وکۆمۆنیزمی بێ بەری دەکرد لێی بەڵام شکستی سۆڤیەت وبلۆکی ڕۆژهەڵات لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا پاشەکشەو داچوونێکی بەرچاوی ئەم ڕەتەی بەدواداهات ،بەهۆی شکستی سۆڤیەت و هاوڕێبازەکانی لەدنیادا بەرەی ڕاست بەهێزبوو وە چەپ پاشەکشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوەبینیی، ئەم هاوکێشەیەلە عێراق وکوردستانیشدا جیاواز نەبوو لەدنیای دەرەوە،چەپ پاشەکشەی کردو ڕاست بەهێزبوو،بەهێزبوونی ڕاست لەدنیادا بەشێوەیەکی دیارو ئاشکرا کۆمەڵگای بەشەری لەگەڵ تەنگ وچەڵەمەی زیاتروترسناک تر ڕووبەڕوو کردەوە هەر لەبێکاری وسەختکردنی ژیان بەتایبەتی بۆ چینە کانی خوارەوەی کۆمەڵ تا هەڵگیرساندنی جەنگ وسوتاندنی ئینسانەکان لەکورەکانی شەڕی قازانج پەرستی سەرمایەداران و بەرەی ڕاست وپەرە سەندنی بیروباوەڕە کۆنەپەرستی ودژی ئینسانیەکان،چەپ ئەگەرچی لەم وەزعیەتەداپاشەکشەی بەسەردا سەپا بەڵام وەک بزووتنەوەیە کی کۆمەڵایەتی مایەوە و درێژەی بە کێشمەکێش لەبەرانبەر بەرەی ڕاست دا دا بەڵام بەهێزێک ودەورو کاریگەریەکی سنووردارترەوە. بزووتنەوە ی چەپ وسۆسیالیستی بۆ تێ گەیشتن ودەست نیشان کردنی هۆکارەکانی پاشەکشەکەی لەئەنجامی شکستی یەکێتی سۆڤیەت وبلۆکی ڕۆژهەڵات پێویستی بەچاوگێڕانەوەیەکی ڕەخنەگرانەی جدی وڕۆشن ودرووست وڕاستگۆیانە بەسەر مێژوو وبنەما فکری وسیاسی و بەرنامەییەکانی دا هە یە ، پێویستی بەڕەخنەگرتن لەهەموو ئەو پرەنسیب وسیاسەتە نادرووستانەی کەبەشێکی بنەڕەتی سەرچاوەکانی پاشەکشەکەیەتی هەیە، دەست نیشان کردن وڕەخنەلێ گرتن و خۆ لێ جیاکردنەوەو وەلانانی ئەو سیاسەت وبنەمافکری و بەرنامە یی یە نادرووستانە و جێگرتنەوەیان بە

**سیاسەت وبەرنامەی دروست پێش مەرجی بەهێزبوونەوەی بزوونەوەی چەپ وسۆسیالستی و پاشەکشەپێکردنی بەرەی ڕاست و سەرمایەدارانە لە سەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە،لەهەمان کاتدا جەخت کردنەوە لەسەر بنەما فکری و سیاسی و بەرنامەییە دروستەکانی بزووتنەوەکە کەمێژووی دوورو درێژی ئەم بزووتنەوە هەردووکیانمان بۆ دەسەمێنێ وساغ دەکاتەوە ،لێرەوە دەتوانین ودەبێ دە ورەیەکی مێژوویی سەردەمیانەی تر بۆ بزووتنەوەی سۆسیالستی دەست پێ بکەین وتۆمار بکەین. بزووتنە وەی چەپ بەشێوەیەکی گشتی لەدووڕەوتی سەرەکی پێک دێت کەخاوەنی کۆمەڵێک بیروبۆچوونی هاوبەشن ولەهەمان کات دا کۆمەڵێک بیروبۆچوونی جیاواز،چەپی کۆمۆنیستی وچەپی سۆسیالیستی،لەعێراق وکوردستان دا چەپی کۆمۆنیستی بەشێوەیەکی گشتی ڕەوتی زاڵی ناوبزووتنەوەکە بووە،سەروسیمای سیاسی وحیزبی وبەرنامەیی خۆی هەبووە،چەپی سۆسیالیستی ڕەوتێکی لاوازی چەپ بووە و کەمتر ناسراوە وەک هێزێکی خاوەن بەرنامەو سیاسەتی ڕۆشن،زۆرجار کەوتۆتە ژێر کاریگەری ڕەوتی کۆمۆنیستیەوە و سیاسەت و درووشمەکانی ئەم ڕەوتەی ووتوەتەوە،پاشەکشەی چەپ بەشێوەیەکی گشتی هەردوو ڕەوتی کۆمۆنیستی وسۆسیالیستی گرتۆتەوە،بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی ڕەوتی کۆمۆنیستی کاریگەری ئەم پاشەکشەی زیاترلەسەربووە،هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ شکستی ئەم ڕەوتەلەدنیادا بەتایبەتی شکستی یەکێتی سۆڤیەت لەبەرانبەررۆژئاوادا،ئەگەرچی بەشێک لەحیزب و ڕێکخراوە کۆمۆنیستیەکان ئینکاری ئەوە دەکەن کەسۆڤیەت هیچ پەیوەندیەکی بەمارکسیزم وکۆمۆنیزمەوە هەبووبێ و ئەو سیستەم ودەسەڵاتەبەسەرمایەداری لەقەڵەم دەدەن بەناوی سەرمایەداری دەوڵەتی،بەڵام شۆڕشی ئۆکتۆبەری حیزبی بەشەفی لەڕووسیەدا بەشۆڕشێکی کۆمۆنیستی دەزانن وبەبەشێک لەمێژووی خۆیانی لەقەڵەم دەدەن،چەپی سۆسیالیستی هەرلەسەرەتاوەڕەوتێکی جیاوازبووە لەمەنزوومە و سیاسەت وبەرنامەی سۆڤیەت و ناتەبا بووە لە گەڵ زۆر لەپرەسیب وسیاسەت وبەرنامەو ئامانجەکانی دا وخۆی وەک بزووتنەوەیەکی جیاواز پێناسە دەکات ودەناسێنێ،ئەم ڕەوتە بە سۆسیالیست یان سۆسیال . دیموکرات ناسراوە،ئەم ڕەوتەپشتی بە بەرنامەریفۆرمە ئابووری وکۆمەڵایەتی وسیاسیەکانی بەستووە بۆ بەئەنجام گە یاندنی ئامانج و بەرنامەکانی لە ڕێگای بەشداری کردنی لە دام ودەزگاو دامەزراوەدەوڵەتیەکان وهەڵبژاردنە پەرلەمانیەکاندا وەلەم ڕێگایەدا هەنگاوی باشی بەرەو پێشەوەناوەودەسکەوتی گرنگی بۆکۆمەڵگا بەدەست هێناوە و بەردەوام لەهەوڵی پاراستن وزیادکردنی دەسکەوتەکانیانن بە تابەتی لەئەورووپادا،ئەم ڕەوتە لە ئەورووپادا بەهێزەوبەیەکێک لەهێزەسەرەکیەکان دەژمێردرێن .**

**کۆمۆنیستەکان وحیزبەکانیان خاوەنی بیروباەڕێکی جیهانین کەبەنێونەتەوەیی کرێکاری ناسراوە،بیروباوەرە فەلسەفی ئابووری وکۆمەڵایەتی وسیاسیەکانی کارڵ مارکس وفردرک ئەنگلس کە بنیات نەری فکری وسیاسی وڕێکخراوەیی ڕەوتی کۆمۆنیستین لەجیهاندابەدوای ئەوانیشدا کۆمۆنیستی بەناوبانگی ڕوسیە وئەندازیاری شۆڕشی ئۆکتۆبەر لینین بەو دوو سەرکردە بەناوبانگەی کۆمۆنیزم پەیوەست دەبێت ودەبێتە یەکێک لە بیرکەرەوەو سەرکردەبە ناوبانگەکانی ئەم ڕەوتەلەسەرئاستی جیهان،لینین بە پێی بەرنامە کۆمۆنیستیەکانی مارکس و ئەنگلس سەرکردایەتی حیزبی کۆمۆنیستی ڕوسیەو شۆڕشی ئۆکتۆبەری کرد لە ڕوسیای دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ودەسەڵاتیان بەدەستەوەگرت وکۆمەڵگایان لەسەر ئەو بەرنامەو بیروباوەڕەڕێک خستەوە وتا سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووحوکمی ئەو وولاتەیان کرد ،پاشان بەرەیەکی کۆمۆنیستیان پێک هێنا لە هاوبیر و هاوپەیمانەکانیان لەووڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا کەلەژێر کاریگەری شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕووسیەدەسەڵاتیان بەدەستە وەگرتبوو،بەم شێوەیە لەبەرانبەر بلۆکی ڕۆژئاوای لیبراڵ دا بلۆکی سۆڤیەت و ووڵاتە کۆمۆنیستیەکانی تر درووست بووکەلەمیانەی کێشمەکێشی چارەنووس سازی نێوانیان زیاترلە70ساڵ دنیایان لەنێوان خۆیاندا دابەشکردبوو.**

**ڕەوتی کۆمۆنیستی بەتایبەتی چەپی ڕادیکاڵ گەلێک جار هاتۆتەسەر قسەکردن لەسەر ئەو مێژووە هەندێک جاریش لێکدانەوەی سیاسی لەسەر کردووەبلاو کردۆتەوە بەگشتی مێژووی یەکێتی سۆڤیەت هەتا مردنی لینین بەمێژوویەکی کۆمۆنیستی وپاک و ئینسانی دەزانن و لەقەڵەم دەدە ن،مێژووی دوای ئەویش کەستالین جێگای لینین دەگرێتەوە بەمێژووی لادان لەکۆمۆنیزم و سەرمایەداری دەوڵەتی ودژی کۆمۆنیستی دەزانن و لەقەڵەم دەدەن ، ئەمە لێکدانەوەیەکی سیاسی یە کەبەشێکی بەرچاوی حیزبە کۆمۆنیستەڕادیکاڵەکان باسی لێ دەکەن ، بەڵام ئایا ئەم لێکدانەوەیە واقعی یە؟ ئایا ئەم لێکدانەوەیە دەتوانێت ئەم ڕەوتە لەکاریگەری خراپی شکستی سۆڤیەت وبلۆکی ڕۆژهەڵات ڕزگار بکات؟ئایا کۆمەڵگاو جەماوەری فراوانی کرێکاران و زەحمەتکێشان ئەم لێکدانەوانەقبووڵ دەکەن ؟ من دەمەوێ بەپێی تێگەیشتنی خۆم لەو مەسەلەیە وە لامێک بەو پرسیارانە بدەمەوە.**

**ئەوەی کەسۆڤیەتی دوای لینین و تەواوی بلۆکی ڕۆژهەڵات پەیوەندی بەکۆمۆنیزمەوە نەبووە لێکدانەوەیەکی نا واقعی یەو دوورە لەڕاستیەوە ،مێژووی دەسەڵاتی کۆمۆنیستەکانی ڕووسیەمێژووی بزووتنەوەیەک وحیزبێکی سیاسی خاوەن بەرنامەو بنەمای کۆمۆنیستی یە نەک مێژووی سە**

رکردەیەک وکەسایەتیەک بێت،نەمێژووی دەسەڵاتی سۆڤیەتی سەردەمی لینین یەکسانە بەمێژووی کەسایتی لینین،نەسەردەمی ستالین یەکسانە بەمێژووی کەسایەتی ستالین ،ستالین یەکێک لەکەسایەتیەسەرەکیەکانی سەرکردایەتی حیزبی کۆمۆنیستی ڕووسیەبووەلەسەردەمی لینین داوئەندامی مەکتەبی سیاسی و کەسایەتی دووەمی ئەو حیزبەبووە،لەمێژووی ئەو حیزبەدا هیچ شتێک و ئاماژەیەک بەدی ناکرێ کەلینین لەستالین یان ستالین لەلینین جیا بکاتەوەچ لەڕووی فکری وسیاسی چ لەڕووی چۆنیەتی سەرکردایەتی کردنی حیزبی کۆمۆنیستی ڕووسیەودەوڵەتی سۆڤیەت،جیاوازیەک کە هەیە ئەوەیە کە ستالین ماوەیەکی زیاتر سەرکردایەتی حیزب ودەوڵەتی کرد لەماوەی مێژووی حوکمڕانی ئەو حیزبەدا وە لەو ماوەیەشدا کێشەو گرێ وگۆڵی زۆرچ لەناو حیزب وچ لەکۆمەڵگای ڕووسیەو چ لەئاستی نێو دەوڵەتیدا پەیدا بوون،لەحیزبدا جیاوازی سیاسی زیاتر پەیدا بوون کەزۆر بەتووندی سەرکوت کران و زۆربەیان لەناو بران ،لەکۆمەڵ دا نا ڕەزایەتی زیاتر پەیدا بوو دژ بەدەسەڵاتی حیزبی کۆمۆنیست کەبەوپەڕی دڕندەیی سەرکوت کران ولەناو بران ، یان لەمەنفاکانی دەسەڵاتی سۆڤیەت مردن، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش ڕووبەڕووی شەڕێکی چارەنووس ساز لە گەڵ ئەلمانیای نازیدا ببوەوە کەبەو بەهانەوە هەموو ناڕازیەتیەک بەتۆمەتی خیانەت سەر کوت دەکراوسەدان هەزار ئینسان لەژێر ئەو تۆمەتانەدا لەبەین بران.

سەبارەت بەسەرمایەداری دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەت کە کۆمۆنیستە ڕادیکاڵەکان وەک بەڵگەی نا کۆمۆنیست بوونی یەکێتی سۆڤیەتی سەردەمی ستالین باسی دەکەن ناتوانێ ئەوە بسەلمێنێ کەئەم سیاسەتەلادان بووە لەکۆمۆنیزم وڕێبازی لینین،چونکەسەرمایەداری دەوڵەتی وەک سیستمێکی ئابووری وئیداری لەسەردەمی حوکمڕانی لینین پەیڕەو کراوە،ئەم سیاسەتەلەلایەن حیزبی کۆمۆنیستی ڕووسیە بە سەرکردایەتی لینین دارێژراوە ،لەوسەردەمەدا ستالین یەکێک لەسەرکردە سەرەکیەکانی حیزب بووەوە کەسایەتی دووەم وئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبە بووە،ستالین دوای مردنی لینین لەسەر ئەو سیاسەتە ڕۆی هەتا مردنی،دوای ئەویش خرۆشۆف درێژەیپێ داوپاشان ئەوانی دوای ئەوتا کۆتایی دەسەڵاتی دەوڵەتی سۆڤیە ت .

بۆخۆ دەرباز کردن لەڕەخنەکانی دژ بەدەسەڵاتی حیزبی کۆمۆنیست ودەوڵەتی سۆڤیەت و وولاتانی تری سەر بەبلۆکی کۆمۆنیستی لە پەیوەند بەپێشێلکاریە ترسناکەکانی مافەکانی مرۆڤ لەگرتن ومەنفی کردن ولەناوبردنی بەکۆمەڵی کەسانی موخالیف یان دژ بە سیاسەتی سۆڤیەت چە پی ڕادیکاڵ وەڵامەکەی ئەوەیە کە ئەوەپەیوەندی بە کۆمۆنیزمەوە نەبووە،بەڵکو ئەوە سیاسەتی تایبەت بە دەورانی ستالین و حیزبی کۆمۆنیستی دوای لینین بووە ،واقیعیەتی مەسەلەکە بەم شێوەیە نیە،ئەوە پاساوهێنانەوەیەکی بێ جێ یە، بەپێی بەرنامە کۆمۆنیستیەکان هەر لەسەردەمی مارکس و ئەنگلسەوە پاشان لینین و ستالین وئەوانی دوای ئەوانیش و تا ئێستاش پرەنسیبێکی بناغەیی کۆمۆنیزم هەیە بە ناوی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا کەسەرکوتی هەموو دەنگێکی ناڕازی دژ بەحیزب و دەسەڵاتی پرۆلیتاریا دەکات ئەمەلەلایەک لەلایەکی ترەوە بەرنامە کۆمۆنیستیەکانی حیزبە کۆمۆنیستە بەدەسەڵات گەیشتوو و نەگەیشتووەکان لەمانیفێستی کۆمۆنیستە وە بگرە کەمارکس وئەنگلس داڕێژەری بوون وپارتە کۆمۆنیستەکانی دنیا بەرنامەکانیان و نەخشەی سیاسەتەکانیان لەسەر دادەڕشت تا ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت پرەنسیبێک یان بەندێکی تێدا بەدی ناکرێ کەلەناو بردنی ئینسان قەدەغەبکات یان حەقی ژیان بۆ هەموو ئینسانێک بەرەسمی بناسێ ، کێشەکە لێرەوە دەست پێ ئەکات ،دیکتاتۆری پرۆلیتاریا و نەبوونی زەمانەتی ژیان بۆ ئینسان لەبەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست و دەستووری یەکێتی سۆڤیەت سەرچاوەی سەرەکی ئەو پێشێل کاریەدژی ئینسانیانەن کەدەر هەق بەبەشێکی بەرچاو لەئینسانەکان ئەنجام درا لەژێر ناوی کۆمۆنیزم وداد پەروەری کۆمەڵایەتی دا،ئەو کردارانەی کەدەسەڵاتی سۆڤیەت وپارتی کۆمۆنیستی ڕووسیە بەسەرکردایەتی ستالین لەسەرکووت و گرتن ولە بەین بردنی ئینسانەکان کردیان پێچەوانەی بەرنامەی کۆمۆنیستی ودیکتاتۆری پرۆلیتاریا و ڕێبازی مارکس و ئەنگلس ولینین نەبووە،گرتن ومەنفی کردن ولەناوبردنی ئینسانەکان لەسەردەمی لینینیش دا پەیڕەو کراوە بەڵام بەو ئەندازە نەبووە کەلەسەردەمی ستالین کراوە،ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەلەسەردەمی لینین دا دژایەتی دەسەڵاتی سۆڤیەت وحیزبی کۆمۆنیستی ڕووسیەکەم تر بووە چونکە ماهیەتە واقیعیەکانی ئەم دەسەڵاتە بۆ جەماوەر و چینی کرێکارو زەحمەتکێشان بەتەواوی ئاشکرا نەببوو،تووندوتیژی شۆڕشگێڕانەی کۆمۆنیستی بە پێی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا کەمارکس وئەنگلس و لینین وستالین و خرۆشۆف وتەواوی حیزبە کۆمۆنیستیەکان لەسەری کۆک بوون سەر چاوەی بناغەیی ئەو پێشێل کاریانەن کەلەمێژووی کۆمۆنیزم دا تۆمار کراوە،ئەمە یەکێک لەو سیاسەتە چەوت و نائینسانیانەیە کەئەم ڕەوتەپیادەی کردووەبۆ مانەوەی دەسەڵاتی وپاوان کردنی لەلایەن تاکە حیزبەوە ، چەپ ئەگەر لێرە بەدواوە خۆی لەم سیاسەتە جیانەکاتەوەو زۆر بەڕۆشنی وبەئاشکرا ڕەخنەی تووندی لێ نەگرێ وڕانەگەیەنێ وەسەرەنجام بەدیلی گونجاوی لەجێگادا دانەنێ ناتوانێ خۆی لەو مێژووە لێڵ وشکستەجیا

بکاتەوەو ئاسۆی تازەو ڕووناک وهیوا بەخشی نابێت، چەپ پێویستە هەقی ژیان بۆ مرۆڤەکان بەرەسمی بناسێ و قەدەغەکردنی لەناوبردنی ئینسان بەهەموو شێوەکانیەوە بخاتەبەرنامەی خۆیەوە،چەپ دەبێ دیکتاتۆریەت بەدیکتاتۆری پرۆلیتاریاشەوە بەسیاسەتێکی چەوت پێناسەبکات خۆی لێ جیابکاتەوەو لەجێگایدا سەروەری یاسایەکی مۆدێرنی ئینسانی بخاتەجێگای بۆ پێش گرتن بەتاوان و هێرشکردنەسەر بەرژەوەندی گشتی و سەرپێچی دەستوورو قانوون ،تووندو تیژی وگرتن ولەناوبردنی ئینسانەکان یەکێک لەهۆکارەکانی بێزاربوونی جەماوەری خەلک لەدەسەڵاتی دیکتاتۆری پرۆلیتاریای سۆڤیەت و بلۆکی ڕۆژهەڵات بوون وسەرەنجام بەپشت تێکردن و دژایەتی کردن وسەرئەنجام ڕووخاندنیان ولەدەسەڵات لابردنیان کۆتایی هات،شاردنەوەی ئەم ڕاستیانەو تیوریزەکردنیان بەلێکدانەوەی ناڕاست وبەردەوام بوون لەسەر پیادەکردنی وپێ داگرتن لەسەری شکستی زیاتری بەدواوادێت ،دیکتاتۆریەت لەدنیادا لەلایەن زۆرینەی خەڵکەوە ڕەفزەو ناشیرین ودزێوەبەدیکتاتۆری پرۆلیتاریاشەوە ئەمە ڕاستیەکە چەپ وکۆمۆنیستەکان لەهەموو کەس باشتر دەیزانن هەروەها یەکێکی تر لەسیاسەتە نادروستەکانی تری کۆمۆنیزم حوکمی تاکە حیزبی یە(تۆتالیتاریزم) کەپەیوەندیەکی راستەوخۆی لەگەل دیکتاتۆری پرۆلیتاریا هەیە و تەواوکەریەتی، بەپێی ئەم سیاسەتە تاکە حیزبێک کەهەقی بوونی هەیەحیزبی کۆمۆنیستی بەدەسەڵات گەیشتووە، هیچ حیزبێک وڕێکخراوێک و کۆمەڵەو گرووپێکی موخالیف هەقی بوونی نیە تەنانەت ئەگەر حیزب یان ڕێکخراویکی کرێکاری وکۆمۆنیستیش بێت،هەموو ئەو دیاردە سیاسی وحیزبیە موخالیف بەسیاسەتی حیزبی تاقانە یاساغە و دەبێ نەمێنن ولەبەین بچن ،لۆجیک وپاساوی ئەو حیزبە شموولیانە بۆ یاساغ کردن وسەرکووت کردنی حیزب وڕێکخراوەکانی تر ئەوەیەکە حیزبەکەی ئەوان (حیزبی کۆمۆنیست) تەواوی کۆمەڵگا ڕزگار دەکات لەهەموو ناعەدالەتی وکێشەکانی مرۆڤ وکۆمەڵ کۆتایی پێ دێنێ وتەنها حیزبەکەی ئەوان دەتوانێت ئەوشۆڕشە مێژوویە بکات ،هەر ئەو حیزبە دەتوانێ جواب بەهەموو پێداویستیەکانی کۆمەڵگا بداتەوەو داد پەروەری کۆمەلایەتی بەرقەرار بکات،بۆیەهیچ دیاردەیەکی سیاسی وحیزبی تر پێویست نیەهەبێت وە ئەگەر هەبێت بۆ دژایەتی کردن و لەناوبردنی دادپەروەری وشۆڕش وحیزبی تاقانەی کرێکاران کۆمۆنیستەکانە، بۆیەدەبێ نەمێنن و لەناو ببرێن .

تۆتالیتاریزم دژایەتی قووڵی لەگەڵ ئازادی دا هەیە، ئازادی لەبیروباوەڕی ئەواندا تەنها لەچوارچێوەی دەسەڵات وبیروباوەڕ و حیزبەکەی خۆیاندا مانا پەیدا دەکات،کاتێکیش ئەم ڕەوتە ئۆپۆزیسیۆنەو هێشتا فرسەتی ئەوەی بۆ نەڕەخساوە دەسەڵات بگرێتەدەست و حوکم بکات داواکاری ئازادیەکی کامڵە،ئازادی سیاسی،ئازادی ڕادەربڕین،ئازادی بەیان وعەقیدە،ئازادی دروست کردنی حیزب وڕێکخراو،ئازادی خۆپیشاندان ومانگرتن ..هتد ئەم داواکاریانە بۆ ئازادی داوای ڕەواو بەرهەقن پێویستە بۆ هەموو ئینسانەکان و کۆمەڵەو گرووپ و حیزبێک دابین بکرێ وبەڕەسمی بناسرێت لەچورچێوەی دەستوورو قانوون دا ،بەڵام بۆ تۆتالیتاریستەکان و حیزبەکانیان ئازادیە فەردی وکۆمەڵایەتیەکان درووشمێک وداواکاریەکە پەیوەندە بەسەردەمی پێش بەدەسەڵات گەیشتنیان،واتەتاکتیکێکە بۆ بەرژەوەندی دەورانێکی دیاریکراوی خۆیان هەڵیان گرتووە ،کاتێک دەگەنەدەسەڵات ئازادی بەهە موو شێوەکانیەوە جێگایەکی لەفکری سیاسی وبەرنامەی ئەواندا نامێنێ جگە لەئازادی خۆیان وحیزبەکە یان لەچۆنیەتی دەسەلات وحوکم کردنیان بەسەر کۆمەل دا،ئیدی لێرە بەدواوە حوکمی تاکە حیزبی ودیکتاتۆریەت جێگای هەموو شێوەکانی ئازادی دەگرێتەوە،نەئازادی سیاسی ونەئازادی بەیان وعەقیدەو نەئازادی دروست کردن ودامەزراندنی حیزب وڕێکخراو ونەئازادی خۆپیشان دان ومان گرتنن نەئازادی ڕەخنەگرتن لەدەسەڵات پێویستی دەمێنی وهەموو کۆمەڵگا دەبێ پەیڕەی سیاسەت وعەقیدە و حیزب وبەرنامەکەی ئەو بکا ،هەر کەسێک و مەجمووعەیەک پێچەوانەی ئەوسیاسەتە کارێک بکات ئەبێ زیندانی بکرێ یان لەناوببرێ . ئەم بیرو سیاسەتەلەگەڵ خەسڵەتی ئینسان و مافاکانی وتەنانەت لەگەڵ مافە سەرەتاییەکانی ئینسانەکان بەتوندی دژایەتی هەیە،ئینسانەکان جۆراوجۆرن بەشێوەی جۆراوجۆر بیر دەکەنەوەو لەدیاردەکانی دەورووبەریان دەڕوانن وتێ دەگەن و هەڵوێست دەگرن لەبەرانبەریان، هەتا ئەو جێگایەی ئەم بیرووبۆچوونانە خەتەر لەسەر بەرژەوەندی گشتی دانانێن ومافی مرۆڤەکانی تر پێشێل ناکەن بوونیان ئاسایی یەودەبێ بەڕەسمی بناسرێن ،کاتێکیش هەربیرو بۆچوونێکی سیاسی و غەیرەسیاسی دژایەتی لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی وکۆمەڵگا دەکا و خەتەر لەسەر کۆمەڵ دادەنێ دەبێ بەپێی قانوون مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ بەلەبەر چاو گرتنی مافەبنەڕەتیەکانی مرۆڤ ،تۆتالیتاریزم بەرژەوەندی گشتی کۆمەل ومافەسەرە تایی وبنەڕەتیەکانی ئینسان پێشێل دەکات ،بۆیەدەبێ چەپ بەتووندی رەخنەلەو سیاسەتەبگرێ وخۆی لێ جیابکاتەوە، چەپ پێویستی بەبیرو باوەڕێکی دیموکراتی پێشکەوتوو هەیەکەبتوانێ لەڕێگەیەوە جەماوەری بەرین و زۆرینەی کۆمەڵ قەناعەت پێ بکات کەبەرنامەو سیاسەتەکەی ئەو دەتوانێ کێشەکانی کۆمەڵ چارەسەر بکات وداد پەروەری بەرقەرار بکات و شەرعیەت لەهەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی خەڵکەوە بگرێ

،ديموكراتی ئەم سەردەمە بەو شێوەیەی بەرەی ڕاست بەدەستیەوە گرتووە ئەو ئامرازە درووست ووادپەروره نیە كەڕووی لە بەرەو چارەسەركردنی كێشەكۆمەلایەتی وئابووری وحقووقیەكانی كۆمەلگا بێت ،مەبەستی بەرقەراری دادپەروەری كۆمەلایەتی ویەكسان كردنی جێگای ئابووری و كۆمە لایەتی مرۆڤەكان بێت لەكۆمەل دا ديمووكراتيەتی ئەمرۆی بەرەی ڕاست و سەرمایەداری و سەرمایەداران ديمووكراتيەتی ليبرالە و لەبەرژەوە ندی سەرمایەدارانداية، بەپێی دیموكراتی لیبرالی بەرەی ڕاست سەرمایەدارانیش ئازادن چۆن كرێكاران وزەحمەت كێشان بچەوسێننەوە، ديموكراتی يەتی پێشكەوتووی هەژارانی كۆمەل بەرژەوەندی تەواوی هەژارانی كۆمەل دەپارێزێ ورێگا دەگرێت لەچەوسانەوەی بەشێكی كۆمەل لەلایەن بەشیكی ترەوەیان كەسێ لەلایەن كەسێكی ترەوە ،كەلەكەبوونی سەرمایەو داهاتی كۆمەل لەدەستی كۆمەلێك سەرمایەدار وبوونیان بە ملوێنەرو ملیاردێر نەپێويست و نەمرۆڤانەيە و سەرچاوەی كێشەسەرەكيەكانی كۆمەلگايە ،ڕێگرە لەبەهرەمەند بوونی بەشێكی زۆر لەئینسانە كان لەسەرووەت وداهاتی كۆمەل ، دیموكراتی لیبرالی ڕاست و سەرمایەداران بەرژەوەندی گشتی كۆمەلگا پێشێل و دژایەتی دەكات بۆیە دەبێ ديموكراتی پێشكەوتووی هەژاران بەپێی قانوون ڕێگا بگرێ لەهەر كەس وگرووپێك كەدەیەوێ مۆنۆپۆلی سەروەتی كۆمەل لەدەستی خۆی دا بكات ،پێويستە داهاتی كۆمەل بەداد پەروەری دابەش بكرێ `قەلەشتی نێوان دەولەمەند وهەژار كەم بكرێتەوەو لەدوا ئەنجامی كۆتایی دا كۆتایی پێ بهێنرێت ، جێگای ئابووری و وكۆمەلایەتی و حقووقی مرڤەكان لەكۆمەلدا یەكسان بكرێت ،دەبێ چەپ بەرنامەیەكی فراوانی چا كسازی هەمەلایەنە(ڕیفۆرم) بخاتە دەستووری كاری خۆی و بەرنامەكەیەوە بۆ بەدواداچوونی ئەو ئامانجە و پێشڕەوی كردن لەو ڕاستایە دا و پاشەكشەپێكردنی ڕاست و سەرمایەداران وحوكم ودەسەلات وسیاسەتەناعەدالەتیەكەیان ،بەشداری كردن لەبەڕێوەبردنی كۆمەل لەڕێگای بەشداری كردن لەهەلبژاردنە پەرلەمانیەكان ودامەزراوە دە ولەتیەكان یەكێك لەكەنالە هەرەگرنگ وسەرەكیەكانی خەباتی بزووتنەوە ی چەپ وسۆسیالیستی بۆ بەدواداچوونی دادپەروەری وپاشەكشەپێ كردنی نا عەدالەتی و بەهێز كردنی پێگەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی و بە رژەوەندی گشتی یە.

بۆ دەست بەكار بوون وبەدواداچوونی ئەو ئامانجانە بزووتنەوەی چەپ وسۆسیالیستی پێویستی بەجارێكی تر خۆ ڕێكخستنەوە هەیە لەسەر بناغەو سیاسەتێكی نوێ ،بەلەبەر چاو گرتنی سیاسەتە پۆزەتیڤ ونێگەتیڤەكانی مێژووی دووردرێژی ئەم بزووتنەوەیە،سیاسەتە دروستە كانی جارێكی تر بەدەستەوە دەگرینەوەو تەئكید دەكەینەوە،سیاسەتەچەوتەكانی وەلادەنێن وڕەخنەیان لێ دەگرین وسیاسەتی درووست وسەردە میانەلەجێگایان دادەنێین ، بەم شێوەیەئەم بزووتنەوە دەتوانێ وەلام بەپێویستیەكانی كۆمەلگاو خۆشی بداتەوە، دنیاو كۆمەلگای بەشەری بە گشتی لەگۆڕانێكی خێرادایە هەر دیاردەیەكی كۆمەلایەتی وسیاسی گۆڕانەپێویستەكانی ئەم سەردەمە لەبەرچاو نەگرێ وخۆی لەگەل نە گوونجێنی دوادەكەوێ وسەرەنجام لەگەل شكست دا ڕووبەڕوو دەبێتەوە، بزووتنەوەی سۆسیالیستی وچەپ نابێ بەو سەر ئەنجامە خەتەرناكە بۆ خۆی قیال بێ .

یەكێك لەهۆكارەكانی لاوازی بزووتنەوەی سۆسیالیستی پەرش وبلاوی ونەبوونی حیزب وبەرنامەیەكی درووست وڕۆشنە كەبتوانێ هێزو توانای ئەم بزووتنەوەیەك بخات بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئامانج و بەرنامەسیاسی وكۆمەلایەتی و ئابووریەكانی و سەرەنجام بەرگری كردن لەبەرژەوە ندیەكانی هەژارانی كۆمەل لەبەرانبەر بەرەی ڕاست وسەرمایەداران و سیاسەت و بەرنامەقازانج پەرەستییەكانیان لەسەر حسابی هەژاران و ڕە نج و ماندوو بون وهەژاری ونەداریان ، بزووتنەوەی چەپ و سۆسیالیستی جارێكی تر پێویستی بە خۆڕێكخستن لەحیزبێكی چەپی بنكەفراوان داهە یە،حیزبێك كەحیزبی تەواوی هەژارانی كۆمەل بێت ،حیزبی یەكسانی واقیعی نێوان ژن وپیاو بێت ودژی هەر چەشنە جیاوازیەك وبێ حقووقیە كی ژنان و پیاوسالاری بێت ،حیزبێكی پارێزەری مافی ژیان بۆ هەموو ئینسانەكان وقەدەغەكردنی هەمووجۆرەكانی لەناوبردنی ئینسان،حیزبی دیفاع لەمافەكانی مرۆڤ ،حیزبێكی سۆسیالیست و دیموكرات ، حیزبێكی عەلمانی وسكۆلار ومۆدێرن كە خەبات بكات بۆ لێك جیا كردنەوەی دین ودەولەت لەلایەك وجیاكردنەوەی دەسەلاتەكانی یاسادانان وجێبەجیكردن وقەزا لەیەكتری ،حیزبی یەكسانی خوازوپارێزەری بەرژەوەندیەكانی كرێكاران ، زەحمەتكێشان ،فەرمان بەران ،قووتابیان ،بیكاران ،پەككەوتە و خانەنشینان ،جۆتیاران ،كەئێستا بەرداشی زولم و نا عەدالەتی بەرەی راست و سەرمایەداران دەیان هاڕێ ،درووست كەری هاوپەیمانی واقعی چەپ و ئازادی خوازان بێت،حیزبی چالاكی ناو دام و دەزگا كانی پەرلەمان ودەولەت بێت و داكۆكی كەری داد پەروەری كۆمەلایەتی بێ،حیزبی دژی كۆنەپەرستی وخورافەونەزانی ونەخوێندەواری وبنیات نەری كۆمەلگایەكی سكۆلارومۆدێرن و سۆسیال ،حیزبێكی كوردستانی كەپەیوەندی خە باتكارانەی توندوتۆلی لەگەل حیزب وبزووتنەوەچەپ وسۆسیالیست وپێشكەوتن خوازەكانی دنیا هەبێت و پێ داگر بێت لەسەر چارەسەری

کێشەی نەتەوایەتی کوردستان بەخەبات کردن بۆ گێڕانەوەی مافی چارەی خۆ نووسین بۆ خەڵکی کوردستان بەسەربەخۆیی ودرووست کردنی دەوڵەتی سەربەخۆشەوە، حیزبی کردنەوەی بەرەیەکی کێشمەکێش کەری چارەنووس ساز لەبەرانبەربەری ڕاست وسەرمایە داران دا بە قازانجی زۆرینەی کۆمەڵگای کوردستان ،زۆرینەی هەژارو کەم دەرامەت وبێ ماف .

**سەمەد موحەممەد ئەمین**

2007/01/15